# کام سایتی بەدواداگەڕان بۆ دۆزینـــــ

**دۆزینـــەوەی وێنەیەکـی باش، ئەو وێنەیەی کە تۆ مەبەسـتتە بە کوالیتێکی گونجاو لـە ئینتەرنێتدا وەک ئەوە وایە کە گەنجینەیەکت دۆزیبێتەوە، جار هەیە ماوەیەکی زۆر بەدوای وێنەیەکدا دەگەڕێیت، زۆرتریش هەوڵدانەکە و بەدواداگەڕانەکە بەهۆی سـایتی گوگڵەوەیە، بێ ئاگا لەوەی کە چەند سـایتێکی گرنگ هەن  ئەرکی دۆزینەوەی**


## سایتی Tineye



ئەم سـایتە یەکێکە لە سایتە سەرکەوتووەکانی ئەم بوارە، لەم سایتەدا گرنگترین خزمەتگوزاری سایتەکە گەڕانی پێچەوانەیە، گەڕانی پێچەوانە بەم کردارە دەگوترێت واتە لەسـەرەتادا ئێوە وێنەیەك کە لەسـەر کۆمپیوتەر یان لە ئینتەرنێت دۆزیوتانەوە دایدەبەزێنە سـەر سایتەکە، ئیدی لەمەولا کاری سایتەکە دەست پێدەکات و هەر لە شوێنێکی ئینتەرنێت وێنەیەکی لەم چەشنە هەبێت دەیدۆزێتەوە. هەروەها توانایەکی گرنگی سایتەکە بوونی MulticolorEngine ئەوەش بەوە دەگوترێت کە تەنیا یەك رەنگ هەڵبژێریت، واتە وێنەکەت بەو رەنگەی کە بۆت دیاریکردووە نیشـان بدات، ئەم تایبەتمەندییە بۆ نەخشەسازان زۆر گرنگە.

## سایتی Compfight

سـایتی ناوبراو هاوچەشنی سایتی فیلیکەرە، ئەم سـایتی بەدواداگەڕانە کاتێك وێنەیـەك دەدۆزێتەوە سـەرچاوەی وێنەکە و کورتەیەك زانیاری سەبارەت بە وێنەکە باس دەکات، دیارە سـایتەکە خۆی بە سایتی فیلکەر دەوڵەمەند کردووە بۆیە زۆربەی وێنەکانی هی سایتی ناوبراون، خزمەتگوزارییەکی سایتەکە بۆ ئەوانە بە سـوودە کە وێبلاگ نووسـن، گەر بتهەوێ بەبێ کردنەوەی "تاب"ێکی نوێ و بێ هیچ دەردەسەرییەك وێنەکەت بدۆزیەوە و راسـتەوخۆ لەسەر سایتەکەتی دابنێیت ئەم سایتە سوودێکی زۆری هەیە.



## سایتی Flickr Storm

زۆر جـاران بۆ دۆزینـەوەی وێنەیەکی باش، ماوەیەك خۆمـان بە چۆنییەتی رەنـگ و تایبەتمەندی وێنەکەوە خەریك دەکەین، بەڵام لە سـایتی Flickr Storm دەتوانیت بەهۆی رێنوێنییەکانی سایتەکە، روونتر و وردتر وێنەکەت بدۆزیەوە. بەهۆی تایبەتمەندییەکانی سـایتەوە دەزانی بە دوای چ وێنەیەك دادەگەڕێیت.





# ـــــەوەی وێنە گونجاوە؟

وێنــە ئەنجــام دەدەن. لێــرەدا پێناســەکی ئەم سایتانە دەکەین و کورتە زانیارییەک لەبارەی سایتەکانەوە باس دەکەین.

## سایتی CCsearch




ئەمە ســـایتی بەدواداگەڕانی وێنەیە، وێنەی مەبەســـتت لەنێوان ئەو وێنانەدا دەدۆزێتـــەوە کە خاوەنانی وێنەکە یان وێنەگرانی پیشـــەیی ئیزنی بڵاوکردنەوەی داوە، ســـایتی ناوبراو پێیوانییە تەنیا ســـایتێکی دۆزینەوەی وێنەیە بگرە سایتێکە خۆی بەرپرس دەزانێت و لە بڵاوکردنەوەی وێنەکان و هەروەها جگە لەوێنە دەکرێت مۆسیقی و فیلمی ڤیدیۆیش بدۆزێتەوە.

## سایتی WeSEE

ســـایتی ناوبراو بۆ ئەوانەی بەدوای نوێترین وێنەدا دەگەڕێن، سایتێکی بە سوودە، بە راکێشانی وێنەیەك لە ســـایتی Pinterest گوڵبژێرێك لە جوانترین وێنەی پەیوەندار بە وێنەکەی ئێوەوە نیشـــان دەدات. سایتەکە لە هەردوو شـــێوازی گەڕان بەپێی وشـــە و گەڕانی پێچەوانە سوود وەردەگرێت. شـــایانی باسە سایتەکە هێشتاش لە حاڵەتی تێستدایە و رەنگە خزمەتگوزاری نوێتریشی پێوە زیاد ببن.




## سایتی Google Image Search

کـــورد گوتەنی هەموو رێیەك دەچێتەوە بانە، ســـایتی گوگڵیش هەر لە ریزی یەکەمدایە و پێویست بە باسکردن و روونکردنەوەی وردی ئەم سایتە ناکات، چونکە رۆژانە لانی کەم جارێك دەیکەینەوە. لە سایتەکەدا وێنەکان بەپێی ریزبەندی، ســـنووردارکردن، گەڕانی پێچەوانە، هەروەها دەیان هەڵبژاردەی دیکە لەم سایتەدا لەبەردەستدان.



# تەبلێتیش هاتە ریزی پرۆژکتەرەکان

پرۆژکتــەر کە بە هۆی نەبوونی پیتــی (ژ) لە عەرەبیدا لێرە هەر بە وشــەی (پرۆجکتەر) ناو دەبرێت، ئەو ئامێرەیە کە فیلم و وێنە دەکاتە تیشــك و لەسەر شاشــەیەکی سپی، جا ئەم شاشەیە دیوارێکی گەچ بێت یان پارچەیەکی سپی نیشان دەدات، هەر ئەو کردارەی کە لە سینەمادا ئەنجام دەدرێت.

لــەم ماوەیەدا کامێــرا و مۆبایل بەرهەم هاتــن کە ئامێری پرۆژکتەریــان لەخۆیانــدا هەبوو، ئەمجــارەش یەکەمین تەبلێت کــە پرۆژکتــەری هەبێت بەنــاوی Lumi tab هاتــە بەرهەم. بەهۆی پرۆژکتەری تەبلێتەکــەوە دەتوانرێت گەمەکان، بەڵگە و دوکیۆمێنتەکان و فیلم و خوێندنەوەی کتێبە دەنگییەکان بەهۆی پرۆژکتەرەوە ئەنجام بدرێت.

شاشــەی تەبلێتەکە 7 ئینجە، کوالێتییەکــەی مام ناوەندییە. رامەکەی 1 گیگایە و 16 گیــگاش میمۆری ناو تەبلێتەکەیە. نیشــاندانی پرۆژکتەرەکە بە کوالیتی 100 ئینجە، نزیکەی دوو مەتر و نیو، هەرچەندە دەکرێت لە مەودای دوورتریشــدا نیشــان بدرێت، بەڵام کوالیتی دادەبەزێت.



# بە کەوچکە ئاوێک دەکەوێتە مەلە!

پەندێك لە کوردەواریدا هەیە دەڵێت (بە کەوچکە ئاوێك وە مەلە مەکەوە) واتە بە شتێکی بچووك لەخۆت بایی مەبە. بــەڵام پێدەچێت ئەم پەندە لەگەڵ تەکنەلۆژیای دیجیتالی سەردەم یەکنەگرێتەوە. چونکە شەحنکەرەوەی جۆری PowerTrekk کە تایبەتە بە ئامێرە تەکنەلۆژییەکانی ســەردەم ئامێرە دیجیتالییــەکان تەنیا بە کەوچکە ئاوێك شــەحن دەکاتەوە. هەوڵی شارەزایانی بواری تەکنەلۆژیای سەردەم بەردەوامە بۆ ئەوەی کە بۆ شەحنکردنەوەی ئەو ئامێرانە زۆر پشت بە کارەبا نەبەسترێ، بگرە لە رێگا ئاسانترەوە وەك شەحنکردنەوە بەخۆر، بە با و بە ئاو تەنانەت بە چایی و شــەربەتیش جێگای شەحنکردنەوەی کارەبایی بگرێتەوە. شەحنکەرەوەی PowerTrekk ئامێرێکی گرنگە بۆ سەرباز و پێشمەرگە کە دوورن لە وزەی کارەبا، یان ئەو کەســانەی بۆ گەشت کردن دەچنە ناوچە دوورە دەســتەکان و ئــەو ناوچانەی کارەبایی لێ نییە. ئامێرەکە لەلایەن کۆمپانیایەکی ســوئیدەوە بەرهەم هاتووە. یەکەمین شــەحنکەرەوەی جیهانە کە بە ئاو کار بکات، هەم بە ئاوی خواردنەوە و هەم بە ئاوی ســوێریش کار دەکات، هەوڵدان بۆ ئامێرێکی لەم چەشنە ماوەی 15 ساڵی پێچووە تا پسپۆرانی کۆمپانیای رویاڵی سوودی بیگەیەننە ئەنجام.





## سایتێک بۆ زانیاری لەبارەی ساڵی لەدایک بوونتەوە



حەز دەکەی بزانی لەم ساڵەیدا کــە ئێوە لــە دایــك بوونە، چ رووداوگەلێکی گرنگ بەســەر جیهاندا هاتووە، چ شتێك روویداوە، ئەو مانگەی تــۆ تێیدا لە دایك بوویــە چ رووداوێکــی گرنگ لە ناوچەکەی و شــوێنی لەدایك بوونت و لە جیهاندا روویداوە، بۆ زانینی زانیارییەکان لەبارەی ساڵی لەدایك بوونەتەوە سەر لە سایتی http://whathappenedinmybirthyear.com/ بــدە و تا بە وردی لەبارەی ئەو ساڵەی تێیدا لەدایك بوویتە زانیاریت پێبەخشێ، بەڵام ســاڵی لەدایك بوونەکەت دەبێت بە ســاڵی زایینی بنووسی، نەك ساڵی کۆچی یان هەتاوی. نەك هەر زانیاری لەبارەی ئەو ساڵەی تێیدا لە دایك بووی، بگرە چەند دیمەن و وێنەیەك لەو رووداوانەی کە لەو ســاڵەدا لەدایــك بوویتە نیشان دەدات.




# گەورە کۆمپیوتەری بچووک!

ڕەنگە مانشـــێتەکەی سەرەوە ســـەرنجتان ڕابکێشێت، گەر گەورە بێـــت چۆن بچووك دەبێت! بەڵام کۆمپیوتەری جۆری Brix کە لە پەنجەکانی دەستدا جێگای دەبێتەوە دەکرێ لە یەك کاتدا دوو مونیتۆری بۆ دابندرێت.

کۆمپانیای گیگابایت لەم دواییەدا کۆمپیوتەری جۆری Brix لە نمایشگایدا نیشاندا، زۆرکەس پێیوایە ئەم کۆمپیوتەر رکابەری کۆمپیوتەری Mini-pc دەکات، هەندێکیش پێیان وایە لە ریزی ZBOX nano دایە. کۆمپیوتەرە بچووکەکە شـــوێنی کۆمپیوتەرێکی مەزن دەگرێتەوە. جگە لە شوێنی میمۆری SATA چەند شـــوێنێکی بـــۆ دانانی میمۆری بچووك و دوو شوێنیشـــی بۆ رامی 16 گیگابایتی هەیە. کێبڵی HDMI و کێبڵی UBS3 هەیە.




# مۆبایل دەبێتە میکرۆسکۆپ و تەلسکۆپ و دووربینی ڕاو

لـــەم ســـەردەمەدا گـــەر مۆبایلێکی هۆشـــمەند و کەلە پێویســـتەکانیت پێ بێت لە هیچ شـــتێك گرفتت بۆ نایەتە پێش، چونکە مۆبایل، کامێرایە، کۆمپیوتەرە، ســـەتەلایت و تەلەڤزیۆنە..تاد. بە سوود وەرگرتن لە لێنزی Snapzoomیش ئیدی مۆبایلەکەت دەبێتە دووربینی ڕاو و شـــکار. بەهۆی ئەم لێنزەوە دەتوانیـــت لە نزیکەوە گیانداران لەمەودای چەند کیلۆمەترێك لەخۆت دوور ببینی و وێنەیان لێبگری، تەنانەت دەکرێت وەك تەلســـکۆپ و مایکرۆسۆپکیش بەکاری بێنی، لێنزەکە لەگەڵ گشت مۆبایلێکی هۆشمەند دەگونجێت.

# پرۆگرامێک بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمپیوتەر لەڕێگای دوورەوە

کۆنترۆڵ کردن و ڕێکخســـتن و دەستکاریکردنی کۆمپیوتەر لە ڕێـــگای دوورەوە یان ئەوەی کە بە زمانی کۆمپیوتەر پێیدەگوترێت (ریمـــۆت) کردن ئەمڕۆکە بۆتە باو لەلایـــەن بەڕێوەبەرانی تۆڕ و زۆربەی بەرپرســـانی بواری IT. شـــارەزایانی بواری کۆمپیوتەر یـــان بەرپرســـی تۆڕێکی کۆمپیوتـــەری لەبری ئـــەوەی کە بۆ چاودێریکردنی کۆمپیوتـــەرەکان، دەزگا یان ئیدارەیەك ڕێگایەکی دوورودرێژ ببڕێت، هەر لە شوێنی خۆی بۆ ڕێکخستنی سیستەمی کۆمپیوتەری و ئەنجامدانی کارەکانی خۆی لە پرۆگرامی ریمۆت ســـوود وەردەگرێت. گەلێك پرۆگرام هەن کە کاری ریمۆت کردن ئەنجام دەدەن، تەنانەت لە خودی ویندۆزیشدا پرۆگرامی Remote desktop تێدایە. بەڵام یەکێك لە پرۆگرامە سەرکەوتووەکانی ئەم بـــوارە پرۆگرامی Remote office Managerە، ئەم پرۆگرامە تواناکانی گەلێکن. ســـوود وەرگرتن و بەکارهێنانی پرۆگرامەکە زۆر سادەیە، تەنیا ئەوەندە بەسە بەشی ڕێکخستنی پرۆگرامەکە لە کۆمپیوتەری Server واتە کۆمپیوتەری مەبەســـت و دابندرێت بەشـــی Viewer پرۆگرامەکـــە لەســـەر کۆمپیوتەرەکانی دیکە دابندرێت.





# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

بە دوای بەرفرە و بەربڵاوبوونی مۆبایلە هۆشـــمەندەکان، بازنەی پرســـیارەکانیش زۆرتر لە سنووری ئەو مۆبایلانەدایە، چونکە مۆبایلە هۆشمەندەکان بەقەد کۆمپیوتەرێك زانیارییـــان تێدایـــە بۆیـــە پرسیارگەلێکی زۆر هەڵدەگرن.

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرســـێت، ئایـــا چۆن دەکرێت لـــە مۆبایلی هۆشـــمەندی گەلەکسی وێنەی ســـەر شاشـــەکە هەڵگرمەوە واتە (screen shat) بکەم. خوێنەری بەڕێز ئەپلکەیشـــنی تایبەت هەیە بۆ هەڵگرتنی وێنەی شاشـــە لە ئەندرویددا، بەڵام لەگەلەکســـیدا بەبـــێ پرۆگرامیـــش دەکرێـــت، لەســـەرەتدا دوگمـــەی (back) دابگرە. پاشان دوگمەی HOME دابگرە، بەبێ ئەوەی کە دەستت لە دوگمـــەی back بەربدەی. ئیدی وێنەی شاشە بە ئاسانی دەگیردرێت و بۆ ســـەیرکردنی وێنەکەش بچۆ سەر بدە لەو فۆلدەرەی کە وێنەی تێدایە، دەبینی فۆلدەرێکی دیکە زیاد بـــووە بەناوی ScreenCap-ture لەودا وێنەکان دەبینی.